# خولی دووەمی پەرلەمانی کودرستان و دیدی میوانان و پەرلەمانتاران



✿ لە یانزەهەمین ساڵوەگەری یەکەم کۆبوونەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا کۆبوونەوەی یەکەمی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد و، هەڵبژاردنی ئەم رۆژەش ٤ی حوزەیران وەک رۆژێکی مێژووی لە دیرۆکی گەلی کورددا، ئاماژەیە بۆ ئەو سەرکەوتنەی کە لە ماوەی ١٣ ساڵی رابردوودا میللەتی کورد بەخۆ بەڕێوەبردندا و بەبێ بوونی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە بواری خۆ بەڕێوەبردندا بەدەستی هێنا.

خولی یەکەمی پەرلەمان بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراقەوە هەوراز و نشێوی زۆری هاتەڕێ، بەڵام پەرلەمان وەک تاکە دەزگای شەرعی لە کوردستاندا. شەرعیەتی خۆی پاراست و بە ئەمانەتەوە تەسلیمی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانی کرد. ئەم خولەی پەرلەمانیش کە لە بارودۆخی دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و بارێکی ئابووری باشتردا دەست بە کارەکانی خۆی دەکات و متمانەی سەرۆکایەتی هەرێم بە کەسێکی وەک جەنابی سەرۆک بارزانی دەسپێرێت، ئومێدی زۆر لێدەکرێت کە رۆڵێکی کاریگەر لە ژیانی سیاسی کوردستاندا بگێرێت. میوانان و پەرلەمانتاران بەمجۆرە هاتنە ئاخاوتن.

ئا: نامق هەورامی

## ئاغای پەناهی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران:

## ئێمە دڵخۆشین بە بوونی جەنابی بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان



پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانە و مایەی رێزگرتنی هەموو لایەکمانە چونکە ئیرادەی گەل رێزی لێدەگیرێت.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە سەرۆکی هەرێم بەڕێزیان گوتی: ئێمە زۆر دڵخۆشین بە بوونی جەنابی بارزانی لەو پۆستەدا چونکە هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانە و بارزانی پیاوێکی حەکیمە و یەکێکە لە دۆستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

**سەبارەت بە هەڵوێستی ئێران لە عێراقی داهاتوو و بۆ وەڵامی ئەو گلەییانەی لە ئێران دەکرێت گوایە هاوکاری تیرۆرستان دەکات مهاجری گوتی:**

ئەو تۆمەتانە تۆمەتی موغریزانەن لە قۆناغی تازەدا ئەو تۆمەتانە دووبارە نابنەوە، ئێمەش ئەو کارانە ناکەین، چونکە هاوسەنگەرانی دوێنێی ئێمە ئەمڕۆ کاربەدەستی باڵای حکومەتی عێراقن و جێگەی بڕواش نییە کەسێک لەگەڵ هاوسەنگەرەکەی خۆیدا دژایەتی و بەربەرەکانێ بکات و هەڵوێستی سلبی هەبێت.

## سەڵاحەدین محەمەد بەهادین:

## ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

## کۆبوونەوەی پەرلەمان رۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی گەلەکەماندا



ئەم کۆبوونەوەیە رۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی گەلەکەماندا و ئومێد دەکەین سەرەتایەکی باش بێت بۆ گەلەکەمان و ئامادەبوونی زۆری کاربەدەستی گەورەی عێراق و دەرەوە بەشداری کردنەوەی خولی تازەی پەرلەمان بوون، ئەمەش دڵخۆشییەکی گەورەیە و بەوێیەی هەڵبژێرداوی گەلی کوردستانە و شەرعیترین دامەزراوەی کوردستانە.

## کۆسرەت رەسوڵ، بەرپرسی دەستەی کارگێری م.س (ی.ن.ک):

## هەموولایەک گەیشتینە قەناعەت پەرلەمان شەرعییە و دەبێ بایەخی پێبدرێت



هەموو لایەک گەیشتنە قەناعەت کە پەرلەمان جیهەتێکی شەرعییە و دەبێت بایەخی زیاتری پێبدرێت و ئەگەر پێشتر قەرارات لە دەرەوەی پەرلەمان بوو بێت ئەوا بە هاتنی کاک مەسعود بۆ سەرۆکی هەرێم و مام جەلال بەسەر کۆماری عێراق گرنگی خۆی دەبێت و هیوادارم باشترین خولی پەرلەمان بێت و نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستان بێت.

## مەتران رەبان- مەترانی هەولێر و ئامێدی:

## کاتێک جەنابی کاک مسعود بارزانی قبووت دەکات بۆ خزمەتکردنە نەم مەزنایەتی

مانگێک پێش ئێستا ئێمە هاتینە ئێرە بۆ ئەوەی بە خۆشی دڵەوە ئەم کۆبوونەوەیە ببینین، بەڵام نەبوو ئازارێکی دەروونی زۆرمان چەشت، بەڵام سوپاس بۆ خودا ئەمڕۆ لێرەدا کۆبووینەتەوە کە برایەتی بچەسپێنین بۆ کوردستان و خزمەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بکەن.



گەلی کوردستان لە پاش راپەرینەوە سەلماندی کە شایستەی ژیانێکی سەردەمانە و ئێستاش لە عێراق و ناوچەکەدا نمونەیە بۆیە دەبێت ناکۆییەکان بخەینە لاوە تا بتوانین خزمەتی گەل بکەن و پێویستە بە روانینێکی کوردستانییانەوە سەیری ئەم پەرلەمانە بکەین و ئەمە سەرچاوە بڕیار و هێزی هەموومانە بە جیاوازی ئایین و زمانەوە. بۆیە لێرەوە هەست دەکرێت هەنگاوی باشتر بەڕێوەیە بۆ گەلی کوردستان مایەی خێر و خۆشییە ئەویش دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

هەرچەندە بەبێ دیاریکردنیش کاک مسعود هەر سەرۆکی کوردستان بووە، سەرۆکی ئێمە جەنابی کاک مسعود کەسێکی کراوە و دڵسۆزە و رۆژی دیاریکردنی بەڕێزیان بە رەسمی دەبێتە رۆژێک کە هەرگیز بیر ناچێتەوە، کاک مسعود کاتێک پۆستێک قبوڵ دەکات بۆ مەزنایەتی نییە بگرە بەڵای بەڕێزیانەوە بۆ زیاتر خزمەتکردنە.

## عەبدولڕەحمان مستەفا- پارێزگاری کەرکووک:

## جەنابی سەرۆک بارزانی جێگەی ئومێدی گەورەیە بۆ کورد



مایەی خۆشحاڵییە کە لە دانیشتنی یەکەمی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەشدارم پەرلەمانی کوردستان پارێزەری دەسکەوتەکانی گەلەکەمانە لەو کاروانە مێژووییەدا بەرەو سەرفرازی گەلی کوردستان و گەیشتن بە مافە رەواکانی و هاندەر و پاڵپشتی راستەقینەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە و پشتیوان و داکۆکیکاری چەسپاندنی ماددەی ٥٨ی دەستووری کاتی عێراقە.

هیوادارم ئەو کارە باشانەی خولی یەکەمی پەرلەمان کردوویەتی لە خولی دووەمدا زیاتر و زیاتر بن.

یەکێکی تر لەو هەنگاوە باشانەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و ئەمەش گرنگی زۆر هەیە چونکە دامەزراوەیەکی یاسایی وەک هەرێمی کوردستان پێویستی بە رابەر و سەرۆکێک هەیە و بوونی جەنابی سەرۆک بارزانی لەو پۆستەدا بە باشی دەزانم چونکە سەرۆک بارزانی ئەو کەسایەتییە گەورەیەی کوردە کە ساڵەهای ساڵە خۆی و خێزانەکەی لە پێناوی ئازادی ئەم گەلەدا خەبات دەکەن.

جێگەی خۆیەتی کەسایەتیەکی تێکۆشەر و ناسراو بە ئەزموونی وەک سەرۆک بارزانی بۆ ئەو پۆستە مایەی ئومێدی گەورەیە بۆ گەلی کورد و بەناوی خۆم و خەڵکی کەرکووکەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزیان دەکەین و چاوی هیوامان لە بەڕێزیانە بمانگەیەنێتە لێواری ئازادی و سەرکەوتنی یەکجار.

## – حەسیب ڕۆژبەیانی:

### با هەموومان هاوکاری سەرۆک بارزانی بین بۆ حەسمکردنی مەسەلەی کەرکووک



ئەو هەنگاوەی کاک مسعود بارزانی و خۆ نەویستی بەڕێزیان وەک لە نامەکەدا بۆ بەڕێز مام جەلالی ناردبوو ئەم کەرنەڤاڵەی ئەمڕۆی لێکەوتەوە کە مایەی دڵخۆشی گەلی کوردە. لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا خوازیارم مەسەلەی کەرکووک لە ئەولەویاتی کاری پەرلەمان بێت و هەموو لایەک هاوکاری جەنابی کاک مسعود بن بۆ بەرەوپێشبردنی مەسەلەی کەرکووک و تەواوی ناوچە تازە ئازادکراوەکان و چەسپاندنی ماددەی ٥٨ و دڵنیام ئەگەر جەنابی کاک مسعود بارزانی لەو مەسەلانە بێدەنگ بێت مەسەلەی کەرکووک و کورد بەرەو خراپی دەڕوات و ئەوەی تا ئەمڕۆ ماوەتەوە پێداگرتن و سووربوونی بەڕێزیانە لەسەر ئەو مەسەلانە، چونکە حکوومەتی عێراق هەمان عەقڵییەتی حکومەتی رابردووە و هیچ فاکتەرێکی خێری لێنابینرێت.

## تارق جامباز:

### دەبێ خەڵک هەستبکات ئەم پەرلەمانە لە خەمی ئەواندایە



پەرلەمانی کوردستان بە هەردوو خولەکەیەوە جێگای ئومێدی گەلی کوردە، زۆر هەنگاوی کاریگەر لە رابردوو دانراون و لەوانەش بڕیاردان لەسەر فیدرالیزم و زۆر هەنگاوی تریش لە کاتێکدا حکوومەتی عێراقی زۆر دوور نەبوو لێمانەوە لەم خولەشدا پەرلەمان سێ هەنگاوی گرنگی لە بەردەمدان ئەوانیش بریتین لە:

١- یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە

٢- یەکخستنەوەی ئەو بڕیار و یاسایانەی یەکلایەنە دراون بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان

٣- تەفعیل و کاراکردنی پەرلەمان، ئەویش بەسەردانی دامودەزگاکان دەبێت بۆ تەواوی وەزارەت و فەرمانگەکان و لێپرسینەوە بەرامبەر کەموکوڕییەکانیان.

هەروەها پێویستە هەندێک یاسای نوێ دەربکات لەوانەش یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و یاسای ژینگە و یاسای وەبەرهێنان و یاسای خانەنشینکردنی فەرمانبەران.

بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بکات ئەم پەرلەمانە لە خەمی ئەواندایە.

خاڵێکی زۆر گرنگ ئەمڕۆ لە بەردەمی ئێمەدایە بەتایبەت لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە کار بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەین تا لەو یاسا و دەستوورەدا مافەکانی کورد بچەسپێنن.

## دلێر محەمەد شەریف:

### ئەرکی سەرەکی پەرلەمان گێڕانەوەیناوچە بە عەرەبکراوەکانە بۆ هەرێمی کوردستان



پەرلەمانی کوردستان لە دووشتی تایبەتیدا خۆی دەبینێتەوە ئەویش بریتییە لە:

١- دانانی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو دەستوورە بەناوی سیستمی دیموکراتی و پەرلەمانی بکات کە هاووڵاتی ئەرک و مافی هەبێت لەم هەرێمەدا.

٢- چەسپاندنی سنووری هەرێمی کوردستان و گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

ئەمەش بە کارکردن دەبێت بۆ چەسپاندن و دیاریکردنی ئەم سنوورە لە دەستووری عێراقدا بۆ ئەمە پێویستمان بە هەماهەنگی پتەو هەیە لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا.

## جەعفەر شێخ مستەفا:

### دەبێ پەرلەمان لە ئێستاوە پرۆژە و بڕیاری خۆی هەبێت



ئەرکی ئێمە ئەرکێکی گەورە و نەتەوەییە بەڵام بە بڕوای من ئەرکی گەورە لە ئەستۆی تەواوی ئەو کوردانەیە لە ئاستە جیاجیاکانی حکوومەت و پەرلەمانی عێراقدان هەروەک ئەوەی بێدەنگ بوون لەسەر لابردنی بڕگەی فیدراڵی لە سوێندەکەی حکوومەتی جەعفەریدا و ئەمڕۆش لەگەڵ دەرخستنی ئەجێندای حکوومەتەکەیەوە جەعفەری زۆر شتی تایبەت بە کوردی باس نەکردوو کەسیش لە هیچ ئاستێکی حکوومەتدا و پەرلەماندا هیچیان نەکرد.

هەمووشمان دەزانین عەقڵییەتی عەرەب لە هەر ئاست و بەهەر بەرگ و بەهەر ڕەنگێکەوە بێت لە بەرامبەر خواستی کوردا هەمان هەڵوێستیان هەیە، بۆیە ئەرکی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم وکاربەدەستانی تری کوردە لە عێراقدا بەوردی و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە دابکەن.

ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە لە ئێستەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات ئەگەر عەرەبەکان خۆیان لە خواستەکانی کورد لابدەن، ئەویش پرۆژە و بڕیاری خۆی هەبێت.

## محەمەد حەکیم جەبار پەرلەمانتار:

## خۆشحاڵین بەم یەکڕیزییەی میللەتەکەمان

وێڕای ئەو دواکەوتنەی کە لە وادەی هەڵبژاردنەوە تا ئەمڕۆ لە پەرلەماندا روویدا بەڵام خۆشحاڵین بەوەی ئەمڕۆ کورد بە یەکگرتووییەوە لەم هۆڵەدا کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی کورد بەرەوپێشەوە ببەین.



دیارە مەسەلەی دەستوور یەکێکە لەو هەنگاوانەی ئەمڕۆ لە پێشمانەوە دەبێت کاری بۆ بکەین، من پێم وایە لایەنە سەرەکییەکان کە لەگەڵ شیعەکاندا گفتوگۆ و رێککەوتنیان کرد لەسەر پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان لە عێراقدا دەبووایە بەر لە هەموو شتێک میساقی شەرەف و گەشتن بە ئاکامێکیان بەکلایی بکردایەتەوە ئینجا ئەو رێککەوتنەیان ئیمزا بکردایە و ئێمە هەرگیز سازش لە مافی کورد ناکەین و دەبێت ئەو ناوچە دابڕاوانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و دیارە ئەو هێزانەش هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد دیارە لە میدیا و راگەیەندراوەکانیاندا.

## د. شوکریە رەسوڵ:

## دەبێ بۆ ئەرکە نەتەوەییەکانمان قوربانیدەر و فیداکاربین



زۆر گەشبینم بە دانیشتنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان چونکە لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا بایەخی زۆری پێدرابوو بەتایبەتی ئامادەبوونی نوێنەری کوفی ئەنان و ئەمەریکا و نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمە خۆی لە خۆیدا دان پێدانانە بەم قەوارەیەی ئەمڕۆی کوردستان.

ئەمڕۆ پەرلەمان لە بەردەم چەندین شەڕی چارەنووسسازدایە لەوانەش :

١- خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو شەڕە چارەنوسسازەی چەندین لەپێش گەلەمانە ئەویش شەڕی دەستووری هەمیشەیی عێراقە.

٢- ئەرکێکی تری پەرلەمانی کوردستان نووسینەوەی دەستووری مافەکانی ئافرەتانە.

ئەوەی لای خۆمانەوە پێویستە دڵسۆزبین بۆ ئەو ئەرکانەی لەسەر شانمانە و بەرامبەر بە ئەرکە نەتەوەییەکانمان فیداکار و قوربانیدەربین بۆگەل و خاکی خۆمان و بە ویژدانەوە کار بۆ شتە جوانەکان بکەین.



## محەمەد حاجی مەحمود:

یەکێک لە هەنگاوەکانی پەرلەمان نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانە و ئەم دەستوورە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراق و وەک خواست و داواکاری مەبدەئی کورد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## دلێر ئیسماعیل حەقی:

## ئەرکەکانی خولی دووەم تەواوکردنی ئەرکەکانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانە



بێگومان لە کوردستاندا ژیانی پەرلەمانی شتێکی نوێ نییە، ئێمە تاقیکردنەوەی ١٣ساڵمان هەیە لە ژیانی پەرلەمان.

گرنگترین ئەرکەکانی پەرلەمان خولی دووەم بەردەوامبوون و تەواوکردنی ئەو ئەرکانەیە کە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢وە دەستی پێکردووە، هەروا گەشەپێدانی بەرنامەی خولی یەکەمە وەک یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان و نیوماڵی کورد، داڕشتنی پرۆژەی دەستووری کوردستان و داڕشتنی پرۆژەی ئایندەی دەستووری عێراقی فیدراڵی.



بێگومان ئەوانە ئەرکی گرانن، جگە لە ئەرکەکانی دیکەی پەرلەمان کە بە گرنگی تێی دەڕوانێ وەک گەشەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە لە کوردستان، ئەمەش ئەو کێشانەیە کە لە رژێمە کۆنەکانی عێراق بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەرکی دیکەی پەرلەمانی کوردستان سڕینەوەی سیاسەتی بە عەرەبکردن و گەڕاندنەوەی ناوچە بە عەرەب کراوەکانە.

بۆیە من پێموایە پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمیدا ئەرکی زۆری لەسەر شانە.

## کوردستان پیرداود:

## یەکێک لە کارە باشەکان پەرلەمان یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردە

یەکێک لە کارە باشەکانی پەرلەمانی کوردستان نزیکردنەوە و یەکخستنی گوتاری سیاسی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان بوو.



خاڵێکی تری گرنگ هاتنی ئەو میوانانەی دەرەوە و ناوەوە بوو کە ئەمەش مایەی دڵخۆشی گشت لایەک بوو.

## شیرین عەبدولڕەحمان

لەم پەرلەمانەدا رۆڵی ئافرەت لەمەولا فراوانتر دەبێت بۆیە دیدی من دەبێت پشکداری لە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان بکات نەک تەنیا لە لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتاندا.■